بەشدارانی بەڕێز

ئەو کاتەتان باش

خۆشحاڵین کەوا جارێکی تر لەدەوری یەک کۆبووینەوە بۆ ڕێزگرتن لە کەسایەتیەکی دیکەی نەتەوەکەمان کاک دوکتۆر گوڵمراد مرادی. پێشدا پڕجێگای خۆشحاڵی یە کە ئەمجار ئەو کەسایەتیە نە پاش مەرگی کە زۆر جار وبەداخەوە زۆرتریش لەناو ئێمەدا باو بووە،بەڵکوو بەڕێزیان خۆی حزووری هەیە ولەوپەڕی ساغی وسلامەتیدا لەناومان دا ئامادەیە. دوکتۆر گوڵمراد مرادی کەسایەتی سیاسی،ئاکادێمی،ئەدەبی ،پارێزەری مافی مرۆڤ وتێکۆشەرێکی خەباتی نەتەوایەتی گەلی کوردستان. لە باشووری ڕۆژهەلاتی کوردستان،لە ناوچەیەکی کۆنی کوردەواری ولەهەربواردا ستەملێکراو،لە سایەی ژیری وتێکۆشانی خۆی و بنەماڵەکەی دەبێتە ئەو کەسایەتیە کە ئەمڕۆهەموومان شانازی پێوەدەکەین.لەوپەڕی سەختی ونەداریدا دەبێتە ئاکادێمێک وبۆ زۆربەمان کۆماری کوردستان کەهەروەک بیرەوەری وجێژن وشادمانی دەبیندرا،تێزی پی ئێچ دی خۆی تەرخان دەکا بۆ لێکۆڵینەوە لەو کۆمارە ساوایە، کە ئەمڕۆ وەک وەرچەرخانێکی مێژوویی کورد سەیری دەکرێ. دەگەڵ ئەوەی کە وەک هەموومان قوربانی دەستی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبێت،زیاتر لەوە بەهۆکاری دینی و مەزهەبیش دەکەوێتە ژێر هەلاواردن وئاسیمیلاسیۆن. ئەگەر ئێمە زۆر جار حیزب و سازمانی کوردی بەدوامان دا دەگەڕان بۆ یارگیری وکوردایەتی،ئەوان زۆر جار پەراوێز دەخران و ئەوە خۆیان بوون کە بەدوای هۆوییەتی نەتەوەیی خۆیاندا هەڵوەدا بوون و خۆیان بۆ دەکردە قوربانی. دوکتۆر گوڵمراد مرادی لە زۆر بواردا جێ پەنجەی دیارە.لە بواری دیفاع لە مافی مرۆڤ بە بێ هەلاواردن،پاراستن وهەوڵدان بۆ زانیاری لەبواری مافەکانی ژنان وبەگژداچوونەوەی سیستێمی هەلاواردن،هاوکاری کردنی پەنابەران وبیانیەکان لەو ولاتە،بەنووسینی سەدان وتار بۆ ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتی هەم لەسەر ستەمی نەتەوایەتی وکۆمەلایەتی ومافی مرۆڤ وژنان،کەمینە ئایینیەکان،پارێزەری لە یارسانیەکان کە لەهەموو بوارێکەوە

له چەوساوەیی وهەڵاواردن دان و لەهەمووی ئەوانەش گرینگتر تێکۆشانێکی بێوچان بۆ دیفاع له مافی نەتەوایەتی گەلی کودستان و لەوبوارەشدا بە بێ جیاوازی و بە بێ لەبەرچاوگرتنی فلانه حیزب وسازمانی کوردستانی، وەک تێکۆشەرێک ونوێنەرێکی ڕاستەقینەی پاراستنی مافی گەلی کورد خۆی نیشان داوەولە خزمەتی هەموو ئەوانە دابووە کە خەمخۆر ومشوورخۆری کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد بوون. بۆ نکۆڵی نابێ کە ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لە هەوڵ و تێکۆشانەکانی بەڕێز گوڵمرادی بەشی شێرمان وەبەر کەوتوەوبۆیەشە خۆمان زیاتر لەهەرکەس بە قەرزدار و منەتباری بەڕێزیان دەزانین،بەڵام ئەوە هەرگیز نەبۆتە پێشگیری لەسەربەخۆیی و کوردستانی بووونی گوڵمراد وەک کەسایەتیەکی نە حیزبی بەڵکوو نەتەوەیی.

وێڕای دەست خۆشی لە پێک هێنەرانی ئەو مەڕاسمە ڕوو بە کاک دوکتۆر گوڵمراد مرادی دەڵێین: کاک دوکتۆر سپاس بۆ هەموو زەحمەتەکانتان،بۆ تێکۆشانتان لەهەموو بوارەکاندا وبۆ ئێمە مایەی شانازیت.هیوادارین هەروا بە ساغی وسلامەتی لەناوماندا بی وبتوانین زیاتر بەهرەمەند بین لە بیروبۆچوون وتێکۆشانەکانتان.

سپاس وڕێز

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.کۆمیتەی ئاڵمان